# چالاکییەکانی بزاڤی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەهاری ئیمسا ڵدا

**تریفە**

بزاڤی ژنان رۆژهەڵاتی کوردستان بەهارێکی پڕ جموجۆڵی تێپەڕاند. لە سەرەتای ئەم وەرزە سەوزەدا یەکەم ژمارەی گۆڤارێکی سەربەخۆی ژنان بە ناوی گۆڤاری راسان دەرچوو و ژنان خۆیان بەڕێوبەرایەتی ئەم گۆڤاریان لە ئەستۆ گرت. تا ئیستا سێ ژمارەی لی چاپ بووە و توانیویەتی جێگای شیاوی خۆی لە نێو ژناندا بدۆزێتەوە و ببێتە تریبوونێك بۆ بزووتنەوەی ژنانی کورد لەم ناوچە. ژنان و پیاوان لە هەموو ناوچەکانی کوردەوارییەوە پێوندی بە بەڕێوبەرانی راسانەوە دەگرن و خوازیاری بەشداری لە نووسین و ئامادە کردنی راپۆرتی کۆمەڵایەتی لەسەر باردۆخی ژنانی کورد لە گوند و شارەکانی کوردستانن. راسان توانیویەتی دۆست و هاوڕێی زۆر لە ناوچەکانی کرماشان، سنە، ئیلام، دالاهو، جوانرۆ، بۆکان، مەهاباد، کامیاران، دیواندەرە، بانە، سەقز، دێگولان و تەنانەت قروە و هتد بدۆزێتەوە و گرنگ ئەوەیە هاوڕێیانی راسان لە هەموو چین و توێژ و تەمەنێکن و ئەمە ئاماژە بەبنکەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات. نووسەرانی راسان تەنیا روشنبیران نین بەڵکوو ژنانی ئاسایی نێو کۆمەڵگا بە هەست و سۆزەوە پێنووس هەڵدەگرن و لە کێشەکانیان دەدوێن. ژنانی کابان و کرێکار و کارمەند و مامۆستا و پەرستار و خۆیندکار و گەنج و پیر و خانەنشین بە گشتی سەرقاڵی نووسین و بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندان.




.

سەردانی وەفدێکی ژنانی چالاکی جوانرۆ بە بەشداری خاتوونێکی کەم ئەندام بەلاّم پڕ لە باوەڕ و متمانە بە خۆ، یەکێك لە دەسکەوتە بەنرخەکانی راسانە. ئەم ژنە چالاکانە خوازیاری پێوەندی نێوان ژنانی جوانرۆ و شارەکانی تری کوردستان و چالاکی هاوبەش بوون.



هەروەها بزاڤی ژنانی رۆژهەلاٌتی کوردستان بـە مەبەستی بەشداری لە« رێپێوانی جیهانی ژنان دژ بە هـەژاری و تونـد و تیـژی » و ئامـادە کردنی «چل تیکـەی جیهـانی مـافی مرۆڤـی ژنان»، چل تیکەی ژنانی کوردی ئەم پارچـەی ئامادە کردوە کە نەخشی ژنێکـی کـوردە بـە جـل و بــەرگی کــوردی و نیــشانەیەکی فێمینیزمی کـوردی بـە دەسـتەویە. ئامـانجی ژنانی کورد لەم نەخـشە نیـشاندانی پێوەنـدی جنـسییەت و نەتــەوە و نیـشاندانی سـتەمی نەتەوایەتیە لەسـەر کـورد وگرنگـی خـەباتی هاوکــاتی ژنــی کــورد دژ بــە هــەلاٌواردنی جنسییەتی و نەتەوایەتی.



جگە لەمانەش هاوکـارانی راسـان لـە خـولی فێرکاری چۆنیەتی نووسینی راپۆرت و هەواڵ و وتوێـژ« بــە مامۆســتایەتی کــاك تــۆفیقی موشیرپەناهی »رۆژنامەوان، بەشداریان کرد.







وۆرك شۆپی مافی مرۆڤــ و ژنـان لـە لایـەن «رێکخراوەی ژنـانی کـوردی پـارێزەری مـافی مرۆڤــ و ئاشتی» و گۆڤاری راسانەوە لە سنە و مەریوان بەرێوە چوو . «رێکخـراوەی ژنـانی پێــشرەوی مــەریوان» رۆلێکــی گرنگــی لــە بەرێوەبردنی ئەم خولـە لـە شـارە جوانەکـەی خۆیاندا بوو. مامۆسـتای ئـەم خولـە خـاتوو «مەنسورە شوجاعی» بوو کە لە «رێکخراوەی کولتووری ژنان» لە تارانەوە هاتبوو و خۆی لە ولاٌتانی سـوێد و کاسـتاریکا بـۆ ئـەم بابەتـە دەورەی دیبوو.





له داهاتویه‌کی نزیکدا وۆرك شۆپی مافی شارومه‌ندی و دیموکراسی و هه‌روه‌ها خولی فێرکاری زمانی کوردی و کۆمپیوته‌ر و به کار هێنانی ئینته‌رنێت وه‌ك سه‌رچاوه‌یه‌کی زانیاری به‌ڕێوه ده‌چێ.

پێویسته ئاماژه به سمیناری دژ به توند و تیژی له لایه‌ن «ڕێکخراوه‌ی ژنانی مه‌ریوان»ه‌وه بکرێ که له دوو رۆژدا بۆ ژنان و پیاوانی مه‌ریوانی به‌رێوه چوو. خانمه‌کان محه‌مه‌دی، ئه‌زکات، تلوعی و عه‌لیخانی له‌م سمیناره‌دا قسه‌یان کرد و بابه‌تی توندوتیژی و خۆ سووتاندنی ژنانیان خسته به‌ر باس و لێکۆڵینه‌وه. له‌م سمیناره‌دا خاتوو رۆئیا فیلمێکی له ژنانی سووتاو که پێش له مردن باسی چۆنیه‌تی خۆ سووتاندنه‌که‌یان ده‌که‌ن پێشکه‌ش به ئاماده‌بوان کرد.ئه‌و فیلمه و بیره‌وه‌رییه‌کانی خاتوو چنووری ئه‌زکات له سه‌ر خۆ سووتاندنی خوشکه‌که‌ی کاریگه‌رێتی زۆری له سه‌ر خه‌ڵکه‌که بوو.





به‌شداری چالاکی بزاڤی ژنانی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان له مانگرتنی ژنان له‌به‌ر درگای زانکۆی تاران له رۆژی 22 ی جۆزه‌ردان هه‌وڵێکی هه‌ره گرنگی ئه‌م بزاڤه بوو. پلاکارد و دروشمی کوردی ژنان له‌به‌ر زانکۆدا ده‌دره‌وشایه‌وه. ژنانی کورد به‌یاننامه‌ی تایبه‌تی خۆیان خۆینده‌وه و ئاماژه‌یان به هه‌ڵاواردنی نه‌ته‌وه‌یی کرد که جگه له هه‌ڵاواردنی جنسییه‌تی، کێشه و گرفتی بۆ ژنی کورد ساز کردوه و داوای ئازادی، ئاشتی، دیموکراسی، فیدرالیزم، ئازادی زیندانیه سیاسییه‌کان و ئازادی چاپه‌مه‌نی و حیزبه‌کان و هتدیان کرد.







شایانی باسە داخوازیەکانی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە نێو بزووتنـــەوەی ژنـــانی ئیرانـــدا بـــە رەسمی ناســـراوە و دەنگێکـــی پتـــەوی هەیـــە و زۆربەی نووسەرانی فێمینیستی فارس خەریکن دان دەنێن بە ستەمی نەتەوایەتی گەلی کـــورد و پێویستی سڕینەوەی ئـــەم ســـتەمە.ئەمـــەش دەسکەوتێکی گرنگی بزاڤی ژنانی کوردە کـــە ئیتر بە بێ دەســـەڵاتی و بـــێ ڕێـــزی ســـەیریان ناکرێ و ئیمرۆکـــە کۆڵەکەیـــەکی بزووتنـــەوەی ژنانی ئێرانن و کەس نـــاتوانێ نکووڵییـــان لـــێ بکـــــــات و هاوکـــــــاتیش داوای مافـــــــە نەتەوایەتییەکانیان دەکـــەن. 22ی جـــۆزەردان دەنگی دروشمی «مافی ژن، مافی کـــورد، مـــافی مرۆڤـــ» دوابەدوای خوێنـــدەوەی بەیاننامـــەی ژنـــانی کـــورد ســـەرەنجی بەشـــدارانی ڕاکێـــشا بوو.بێگومان بزووتنەوەی ژنـــی کـــورد رۆژ لـــە دوای رۆژ گەشە دەکات.

